# ژەهری ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: گەندەڵیی

نووسینی: مایکڵ ڕۆبن*
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار کەریم

سەرۆک جۆرج بۆش دیموکراتیزەکردنی کردوە بە کۆڵەکەیەک لە ستراتیژی بەڕێوەبەرایەتیەکەی. 'سیاسەتی ئەمریکایە کە هەوڵ بدات یارمەتی زیادبوونی بزوتنەوە دیموکراتەیەکان بدات لە هەموو نەتەوە و کەلتورێکدا، لەگەڵ مەبەستی سەرەکیمان بۆ کۆتایی هێنانی ستەمکاری،' بۆش ئەمەی لە وتاری سوێندخواردن لە 2005/01/20 ڕاگەیاند.

بەهۆی بۆشەوە بێت یان نا، دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەی سەندوە. ئەفگانی و عێراقیەکان بەرەو سندوقەکانی دەنگدان چوون پاش چەندین دەیە لە نەبوونی مافی دەنگدان. هەروەها فەلەستینی و میسریەکانیش هەڵبژاردنی فرە لیستیان کرد پاش چەندینساڵ لە ڕاپرسی ساختە و پێشبڕکێی داخراو. پاش تیرۆرکردنی سەرۆک وەزیرانی پێشوی لوبنان ڕەفیق حەریری، لوبنانیەکان یەکیان گرت بۆ پێشختنی دیموکرسی و چاکسازی.

گۆڕانکاری جێگەی گومانە، وەلێ بەردەوامیی گۆڕانکاری زۆر لە زامن بوونەوە دوورە. لە کاتێکدا هەردوو میدیای خۆرئاوایی و عەرەبی تەقینەوەی بۆمبەکان و دیموکراتیزەکردن پێکەوە گرێ دەدەن، هەڕەشەی ڕاستەقینە بۆ سەر چاکسازی و ئارامیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تیرۆریزم نیە، بەڵکو گەندەڵییە؛ هەروەها لە تەواوی دەڤەرەکە گرفتەکە تادێت خراپتر دەبێت.

بڕوانە مەسەلەی کوردی عێراق. ماوەیەکی درێژە وەک مۆدێلی لیبراڵیزەکردن بە باڵیدا هەڵدەدرێت، بەڵام وا دەبنە شەرمەزاریەکی ناوچەیی. پاش تێکشکانی عێراق لە ساڵی 1991، کوردەکان لە دژی سەدام حسێن ڕاپەڕین. سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی، گەڕایەوە بۆ کوردستانی عێراق بەبێ هیچ سەرمایەیەک جگە لە ڕێز بۆ ناوی بنەماڵەکەی. ئێستا پاش چواردە ساڵ، سەروەتەکەی بە دوو ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت. گەندەڵی و خزم پەرستی زۆر بەربڵاوە. هیچ بازرگانێکی بێگانە ناتوانێت لە دەڤەرەکەی ژێر دەسەڵاتیدا مامەڵەی بازرگانی بکات بەبێ ئەوەی نەبێتە هاوبەشی بارزانی یان یەکێک لە خزمە نزیکەکانی. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە هەولێر دەڵێن کوردیان بینیوە کە زیندانی کراوە لەسەر ئەوەی کە شاباشی (Kickbacks)[1] نەداوە. لە هەموو دەڤەرەکە بنەماڵەی بارزانی حوکومەت، حیزب و موڵکی کەسییان تێکەڵ کردوە. میلیشیای ناوچەیی باڵادەستی یاسا زامن ناکات، بەڵکو وەک جێبەجێکاری داواکاریەکانی بارزانی خزمەت دەکات. هاوکات پەرلەمانی کوردستان، دەستەوسانە؛ دەسەڵاتی هیچ لە دەسەڵاتی پەرلەمانی سوری یان لیبیی زیاتر نیە.

---

[1] شاباش لێرەدا بۆ ئەو پارەیە بەکارهاتوە کە کەسێک دەیدات لە بەرامبەر کارئاسانی، ئەمە کردەیەکە لەزۆربەی کاتدا بە شێوەی نایاسایی دەکرێت.

باجی گەندەڵیی تەنها پارە نیە. سکاندالێکی پارە دزین بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی 1994-1997 لە نێوان بارزانی و دژەکەی سەرکردەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق. بارزانی تەنها نیە. لەگەڵ تێوەگلانی فەرمانبەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان و چەندین سیاسەتکاری ڕەشبین، سەدام حسێن 1.8 ملیار دۆلاری لە بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک لووشدا. لەکاتێکدا منداڵان بەهۆی نەبوونی دەرمانەوە دەمردن، سەدام پاڵاسی بینادەکرد و ئەندامانی خێزانەکەی لە عەممان موڵکیان دەکڕی.

گەندەڵیی ئەوەندەی تیرۆریزم ئاستەنگە لە بەردەم ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا. وەزیری بەرگری پێشوو حازم شەعلان لەماوەی شەش مانگدا نزیکەی 500 ملیۆن دۆلاری دزی. ئەمە کارێکی سامناکە تەنانەت بەپێی دابونەریتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پارەی لەم جۆرە دەکرا بۆ چەکدار کردنی سوپای عێراقی بەکاربهاتایە تا شەڕی جیهادیەکان بکەن. هەروەها هاوکارەکانی شەعلان لە وەزارەتەکانی کارەبا و ڕێگاوبان ملیۆنەها دۆلاریان پێچایەوە.

عێراق تەنها و دەگمەن نیە. ئەوانەی سەردانی ئێران دەکەن دەبیستن قوتابیان تورەیی خۆیان بەرامبەر ئەو پرۆفیسۆرانە دەردەبڕن کە نمرە دەفرۆشن، ئەو پزیشکانەی بەرتیل لە بەرامبەر چارەسەر وەردەگرن، هەروەها ئەو کارمەندانەی پێگەی حوکومیان بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن بەکاردەبەن. بەتایبەتی سەرۆکی مەجلیس عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی بازرگانی بەهاداری بستەی بۆ خۆی قۆرخ کردوە. دامەزرێنەرانی شۆڕشی ئیسلامی هەمان شتیان لە بازرگانی نەوت و بازاڕەکانی ناردن و هاوردندا کردوە. سەرمایەی دۆلارەنەوت بە دانیشتوان نەگەیشتوە. لە ساڵی 1995 دا، دادگایەکی ئێرانی بازرگانێکی سزادا لەسەر پەیوەندی لەگەڵ (ڕێکخراوی کەمئەندام و چەوساوەکان) دا کە 400 ملیۆن دۆلاری دزیبوو. بەهەرحاڵ ئێرانیەکان دەڵێن کە بڕیاری دادگایی کردنەکە زیاتر پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبووە هەتا دادوەری. بەشێکی ئێجگار زۆری گەندەڵیی بێ سزادان تێپەڕ دەبن. دەسەڵاتدارانی باڵای ئێران ژیانی لاف و گەزاف دەژین کەمێک جیاواز لەوەی ئەو پادشایەی کە روخانیان.

وەزیرە فەلەستینیەکانیش پێگەی خۆیان زیاتر بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن بەکارهێناوە تا ئاوەدانکردنەوە. دەسەڵاتی فەلەستینی شتێکی کەمی هەیە نمایشی بکات لەبەرامبەر ئەو ملیارەها دۆلارەی هاوکاری دەوڵەتان. ڕەخنەگرانی ئیسرائیل دەتوانن پەنجە بۆ بیلدۆزەرەکانی غەزە ڕابکێشن و گلەیی لە داخستنی سنورەکان بکەن، بەڵام خۆ ئیسرائیل نەبوو کە پاڵاسی شاهانەی بۆ وەزیرە فەلەستینیەکان بینادەکرد، یان پارە ناردنە دەرەوەی سوهای ژنی عەرەفات کە ساڵانە 22 ملیۆن دۆلار بوو. لە ساڵی 2003 دا کۆمەڵێک پشکنەری ئەمریکی سامانی عەرەفاتیان بە 3 ملیار دۆلار مەزەندە کرد. بەرپرسی بڵاوکردنەوەی فەلەستینی، هیشام مەکی، لە کاتی کوژرانیدا لە سەرەتای 2001 دا 17 ملیۆن دۆلار لە ژمارە بانکەکەیدا بوو؛ لە کاتێکدا مووچەی مانگانەی 1.500 دۆلار بوو. لە ژمارەی پاییزیی 2004 ی (Middle East Quarterly)[2] ، بەڕێوەبەری پێشووی بانکی نێودەوڵەتی، عیسام ئەبو عیسا، کە فەلەستینیە، باس لەو شێوازانە دەکات کە هاوکارانی تری عەرەفات لە ڕێیەوە ملیۆنەها دۆلاریان لە گیرفان ناوە. هاوکات پەنابەرانی فەلەستینی لە چڵپاودا ژیان دەبەنەسەر.

---

[2] ناوی گۆڤارێکی وەرزییە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و گرنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات.

له قاهیره و عه‌ممان بارودۆخه‌که که‌مێک جیاوازه، که سه‌رۆک کۆمار حوسنی موباره‌ک و پادشا عه‌بدوڵای دووه‌م پاڵاس بینا‌ده‌که‌ن له جیاتی قوتابخانه. له جه‌ده، له سعودیه‌ی عه‌ره‌بی، دانیشتوان له هه‌فته‌دا چه‌ند رۆژێک زێرابه‌کانیان به ته‌نکه‌ر به‌تاڵ ده‌که‌نه‌وه. به‌ڵام ئه‌و پاره‌یه‌ی که بۆ سیسته‌مێکی ئاوه‌ڕۆی پێشکه‌وتو ته‌رخان کرابوو بێسه‌روشوێن کرا.

به‌پێی شه‌فافیه‌تی نیوده‌وڵه‌تی (Transparency International)[3] عومان و ئیسرائیل وه‌ک پاکترین وڵات ده‌ژمێردرێن له رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست. ئه‌گه‌رچی ته‌نها بیستوهه‌شته‌مین له‌سه‌ر ئاستی جیهاندا. وڵاتانی ئه‌فریقی وه‌ک سوازیلاند، مالاوی و مه‌ده‌غه‌شقه‌ر له‌سه‌رو یه‌مه‌ن، لیبیا و ده‌سه‌ڵاتی فه‌له‌ستینیه‌وه دێن. وڵاتانی قه‌یراناوی نیمچه-بیابانی ئه‌فریقی ناکرێت ببنه مۆدێل بۆ وڵاتانی عه‌ره‌بی.

تێرۆریزم تراژیدیایه. ته‌قینه‌وه‌ی ئۆتۆمۆبێل له به‌غداد، به‌یروت یان به‌سره ده‌یان ژیان وێران ده‌کات. وه‌لێ گه‌نده‌ڵیی کار له ملۆنه‌ها ده‌کات. دزیه‌کانی سه‌دام حسێن هه‌زاران منداڵی به مه‌رگ به‌خشی له ئه‌نجامی نه‌خۆشی که ده‌کرا چاره‌سه‌ر بکرێن. هه‌ڕه‌شه‌که ئه‌وه نیه که قوربانیه‌کانی گه‌نده‌ڵیی ده‌بنه تیرۆریست. (مالی) یه‌کێکه له پێنج هه‌ژارترین وڵاتانی سه‌ر زه‌مین، که‌چی هێشتا خانه‌ی ئازادی (Freedom House)[4] وه‌ک دیموکراتیترین دوه‌ڵه‌ت ئاماژه‌ی بۆ ده‌کات له هه‌موو جیهانی ئیسلامیدا. مالی تیرۆریزم به‌رهه‌م ناهێنێت، سعودیه‌ی عه‌ره‌بی به‌رهه‌می ده‌هێنێت.

به‌ڵکو هه‌ڕه‌شه‌که خۆشخه‌یاڵیه. کورده‌کانی عێراق، که گه‌نده‌ڵیی سه‌رکرده‌کانیان هه‌ناسه‌ی له‌به‌ر بڕیون، پشتگیری پارته ئیسلامیه‌کان ده‌که‌ن. له‌کاتێکدا سه‌رۆک وه‌زیرانی پێشووی عێراق ئه‌یاد عه‌للاوی خۆی وه‌ک گه‌وره‌ترین هیوای عه‌لمانی بوون ده‌ناسێنێت، گه‌نده‌ڵی کابینه‌که‌ی پاڵی ته‌نانه‌ت به عێراقیه لیبراڵه‌کانیشه‌وه نا ده‌نگ بۆ ئه‌ڵته‌رناتیڤی ئیسلامی بده‌ن. موحه‌مه‌د ئه‌حمه‌دی نه‌ژاد بووه سه‌رۆکی ئێران نه‌ک له‌به‌رئه‌وه‌ی ئێرانیه‌کان پشتگیری بۆچونه توندڕه‌وه‌کانی بوون، به‌ڵکو له‌به‌ر قێزهاتنه‌وه‌یان له ڕه‌فسنجانی، که به‌لای زۆربه‌ی ئێرانیه‌کانه‌وه خودی گه‌نده‌ڵییه. حه‌ماس گه‌وره‌ترین سودمه‌ندی سیاسیه له گه‌نده‌ڵیی ده‌سه‌ڵاتی فه‌له‌ستینی. وه‌کی تر تورکه‌کان پارتی ئاوه‌دانکردنه‌وه و دادوه‌ری ره‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردۆگانیان خسته سه‌ر حوکم نه‌ک له‌به‌رئه‌وه‌ی بۆچوونه ئایینیه‌کانیان هه‌رس کردبوو، به‌ڵکو له‌به‌ر تووڕه‌بوونیان له په‌تای گه‌نده‌ڵیی ناو پارته سه‌ره‌کیه‌کان.

کاتێک ئیسلامیه‌کان دێنه سه‌ر حوکم، دیموکراسی گورز ده‌خوات. هه‌روه‌ها لیبراڵیزم، مافی ژنان و تۆلێرانسیش . پێده‌چێت واشنگتون دیموکراسی بڵاو بکاته‌وه؛ چاکسازانی عه‌ره‌ب له‌وانه‌یه گفتوگۆ له‌سه‌ر ئه‌وه بکه‌ن که ئایا چاکسازی ده‌بێت به شێنه‌یی بێت، له ناکاو بێت، له‌سه‌ره‌وه بۆ خواره‌وه یان له خواره‌وه بۆ سه‌ره‌وه بێت. به‌ڵام هه‌تا هاوڵاتیانی عه‌ڕه‌ب له سه‌رکرده‌کانیان نه‌پرسنه‌وه و ڕه‌خنه‌یان لێ نه‌گرن، له چاپه‌مه‌نی، له ئینته‌رنێت، له‌سه‌ر شه‌قام، گفتوگۆی دیموکراسی ته‌نها شانۆگه‌ری ده‌بێت.

[3] ناوی ڕێکخراوێکی نیوده‌وڵه‌تیه.
[4] ڕیکخراوێکی تایبه‌ته به لێکۆڵینه‌وه له بواری نێوده‌وڵه‌تیدا.

* مایکڵ ڕۆبن (Michael Rubin) سەرنووسەری گۆڤاری (Middle East Quarterly)یە کە گۆڤارێکی وەرزی تایبەتە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەرچاوە: The Lebanese Daily Star **Friday, November 18, 2005**
**http://www.dailystar.com.lb/article.asp?edition_id=10&categ_id=5&article_id=20123**